# سەرۆک بارزانی: کاتێک پڕەنسیپی تەوافوق کەوتە بەر هەڕەشە و تێکدرا زانیم ئەو شەراکەتە کۆتایی هات

خەبات- محەمەد زەنگەنە
فۆتۆ: ئازاد لەشکری

دوێنێ چوارشەمە 9ی 8می 2017لە شاری هەولێر و لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵلا بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری مامۆستا و زانای ئایینی و کەسایەتییە فکری و ئایینییەکانی کوردستان کۆبۆوە. لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆک بارزانی گوتەیەکی پێشکەش کرد ئەمە دەقەکەیەتی:

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**
**بەرێزان مامۆستایانی ئایینی**

زۆر زۆر بەختەوەرم بەوەی ئەمڕۆ لە خزمەتی ئێوەی بەرێز دام، زۆر بەخێرهاتنی گەرمتان دەکەم و سوپاستان دەکەم کە زەحمەتتان کێشاوە و تەشریفتان هێناوە.

ئەمڕۆ میللەتی ئێمە لە بەردەم قۆناغێکی زۆر هەستیار دایە، وەک هەموشتان ئاگادارن لە 7ی مانگی حوزەیرانی رابردوودا هەموو هێزە سیاسییەکان یانیش بەشی هەرە زۆریان بڕیاری ئەوەیان دا لە ڕۆژی 25ی ئەیلوولی داهاتوودا ریفراندۆم بکرێت بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێت.

ریفراندۆم هۆکارە، ئامانج نیە، بەڵکو سەربەخۆیی ئامانجە لەم ریفراندۆمەدا، ئەمەش تەنها بۆ خەڵکی کورد نیە بەڵکو بۆ هەموو ئەو نەتەوە و ئایینانەیە کە لە کوردستان دا دەژین چ کورد چ عەرەب چ تورکمان چ ئاشووری چ کلدان چ سریان چ ئەرمەن، هەر هەموویان.

شانازیەکی گەورەیە بۆ من کە یەکەمین دەستپێک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بڕیارەی گەلی کوردستان لەگەڵ ئێوەی بەڕێز دایە چونکە ڕۆڵی ئێوە ڕۆڵێکی سەرەکیە و هەموومان دەزانین مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە پێدانی هۆشیاری بۆ جەماوەر لە شۆڕشی ئەیلوول هەروەها بۆ هاندان و بەرزکردنەوەی وەڕی خەلک و لە خۆڕاگری و زۆرباش لەوان شەهید بوون کە وەکو پێشمەرگە چەکیان هەڵگرت و شەهید بوون.

ئەمڕۆش شەڕێکی قورسمان لە پێشە بەڵام بە شێوەیەکی دیکە بۆیە هەمان داوا و تکا لە ئێوەی بەڕێز دەکەم هەمان ئەو ڕۆڵەی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بینیتان ئەمڕۆ هەمان ڕۆڵ ببینن.

ئەگەر سەیری میتژوو بکەین هەموو ڕێبەرانمان پیاوی ئایینی بوون هەر لە شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ مەحمودی حەفید و شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزا و قازی پێشەوا، بۆیە هەمیشە من قەناعەتێکی تەواوم هەبووە کە ئایین و نیشتیمان لەیەک جیا ناکرێنەوە و یەک تەواو کەری ئەوەی دیکەیە و بەشێکی زۆری ئەو خەباتە دەکەوێتە سەرشانی ئێوەی بەڕێز، ئێوە دەبێ ئەو خەڵکە تێبگەیەنن دەبێ پێیان بگەیەنن دەبێ پێیان بڵێن ئێش و ئازاری ئەنفال چی بووە و چەند زۆر بووە بە تایبەتی ئەوانەی ئەنفال و کیمیاباران دیوە، ئەوانەی دەربەدەری و ئاوارەبیان بینیوە، ئەوان ئازاری ئەو ئاوارەیی دەزانن و ئەوان قەدری ئازادی دەزانن.

من دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە و عەرزتان بکەم بۆچی ئەم بڕیارە درا، ئەم بڕیارە ئەوە نیە کە لە ڕۆژی 7ی حوزەیران قسەی لەسەر کرابێ و بڕیار لەسەر ڕیفراندۆم درابێت وەکو پڕوپسیپ، لەو ڕۆژەدا تەنها کات و ڕۆژی ڕیفراندۆم دیاری کرا و هێشتا ئەو کۆبوونەوەیە نەکرابوو کەسمان نەمان دەزانی ڕۆژی 25ی ئەیلوول دەبێتە ڕۆژی ریفراندۆم. بەڵام هەموو لایەنەکان باسی ریفراندۆمان کردبوو و چەند ساڵە باسی سەربەخۆیی دەکەین و هەموشیان کۆک بوون لەسەر ئەمە و ئەگەر هەندێک هەڵو قسەش هەبێت بۆ ئەوەی لە خەڵک بگەیەنرێت ئەم ریفراندۆمە هی تاکە کەسێکە یان هی تاکە حزبێکە دووپاتی دەکەمەوە ئەمە هی هەموو خەڵکی کوردستانە و هی هەموو کەسێکە و هی هەموو حزبەکان و ئەوانەی لەو ڕۆژەدا ئەو بڕیارەیان دا سەرەڕای هۆکارە، ئامانجی نیە، بەڵکو سەربەخۆیی ئامانجە لەم ریفراندۆمەدا، ئەمەش تەنها بۆ خەڵکی کورد نیە بەڵکو بۆ هەموو ئەو نەتەوە و ئایینانەیە کە لە کوردستان دا دەژین چ کورد چ عەرەب چ تورکمان چ ئاشووری چ کلدان چ سریان چ ئەرمەن، هەر هەموویان.

شانازیەکی گەورەیە بۆ من کە یەکەمین دەستپێک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بڕیارەی گەلی کوردستان لەگەڵ ئێوەی بەڕێز دایە چونکە ڕۆڵی ئێوە ڕۆڵێکی سەرەکیە و هەموومان دەزانین مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە پێدانی هۆشیاری بۆ جەماوەر لە شۆڕشی ئەیلوول هەروەها بۆ هاندان و بەرزکردنەوەی وەڕی خەلک و لە خۆڕاگری و زۆرباش لەوان شەهید بوون کە وەکو پێشمەرگە چەکیان هەڵگرت و شەهید بوون.

ئەمڕۆش شەڕێکی قورسمان لە پێشە بەڵام بە شێوەیەکی دیکە بۆیە هەمان داوا و تکا لە ئێوەی بەڕێز دەکەم هەمان ئەو ڕۆڵەی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بینیتان ئەمڕۆ هەمان ڕۆڵ ببینن.

ئەگەر سەیری میتژوو بکەین هەموو ڕێبەرانمان پیاوی ئایینی بوون هەر لە شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ مەحمودی حەفید و شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزا و قازی پێشەوا، بۆیە هەمیشە من قەناعەتێکی تەواوم هەبووە کە ئایین و نیشتیمان لەیەک جیا ناکرێنەوە و یەک تەواو کەری ئەوەی دیکەیە و بەشێکی زۆری ئەو خەباتە دەکەوێتە سەرشانی ئێوەی بەڕێز، ئێوە دەبێ ئەو خەڵکە تێبگەیەنن دەبێ پێیان بگەیەنن دەبێ پێیان بڵێن ئێش و ئازاری ئەنفال چی بووە و چەند زۆر بووە بە تایبەتی ئەوانەی ئەنفال و کیمیاباران دیوە، ئەوانەی دەربەدەری و ئاوارەبیان بینیوە، ئەوان ئازاری ئەو ئاوارەیی دەزانن و ئەوان قەدری ئازادی دەزانن.

من دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە و عەرزتان بکەم بۆچی ئەم بڕیارە درا، ئەم بڕیارە ئەوە نیە کە لە ڕۆژی 7ی حوزەیران قسەی لەسەر کرابێ و بڕیار لەسەر ڕیفراندۆم درابێت وەکو پڕوپسیپ، لەو ڕۆژەدا تەنها کات و ڕۆژی ڕیفراندۆم دیاری کرا و هێشتا ئەو کۆبوونەوەیە نەکرابوو کەسمان نەمان دەزانی ڕۆژی 25ی ئەیلوول دەبێتە ڕۆژی ریفراندۆم. بەڵام هەموو لایەنەکان باسی ریفراندۆمان کردبوو و چەند ساڵە باسی سەربەخۆیی دەکەین و هەموشیان کۆک بوون لەسەر ئەمە و ئەگەر هەندێک هەڵو قسەش هەبێت بۆ ئەوەی لە خەڵک بگەیەنرێت ئەم ریفراندۆمە هی تاکە کەسێکە یان هی تاکە حزبێکە دووپاتی دەکەمەوە ئەمە هی هەموو خەڵکی کوردستانە و هی هەموو کەسێکە و هی هەموو حزبەکان و ئەوانەی لەو ڕۆژەدا ئەو بڕیارەیان دا

سەرەڕای ئەوەش ئێمە دانوستانمان کرد و چوویندە بەغدا، لە ڕاپەڕینی بەهاری 1991گەلی کوردستان ئەوپەڕی ڕەوشتی بەرزی نیشانی دونیا دا، باسی باشووری ئەفریقیا دەکرێت کە چۆن ئاشتەوایی کرا، بەڵام وەکو هەموو شتێک نە خۆمان زانیومانە کاری باشی ئەو میللەتە بە جیهان بگەیەنین نە کەسێکیش هەبووە باسی کارە چاکەکانی ئەو میللەتە بکات ئەگینا دوو فەیلەقی سوپای عێراقی تەسلیمی خەڵکی کوردستان بوون، ئەو فەیلەقانە بوون کە ئەو هەموو تاوانانەیان ئەنجام دا، هیچ کام لەو سەربازانە ئەزیەتی پێ نەدرا و بەڵکو یەک قەسەی ناخۆشیشیان پێ نەگوترا و بە ڕێزەوە نێردرانەوە، ئەمە گەورەیی و ڕەوشتی بەرزی ئەو میللەتە نیشان دەدا. هەر لەناو خۆشمان دا بارودۆخێکی ناخۆشمان بەسەردا هات بەڵام لایەڕەیەک بوو و تێپەڕی لایەڕەیەکی نوێ کرایەوە ئەمەش بووە هۆی سەقامگیری ئەو ئاسایشەی لە خوا بەزیاد بێت وەکو نیعمەتێک خوای گەورە بە ئێمەی داوە. ئێمە چوینە بەغدا و دان و ستان مان کرد و هیچ سوودی نەبوو و بە شێوەیەکی وا ڕەفتار دەکرا وەک ئەوە وابێت چاکەیان بەسەرماندا مووسڵ دروست هەر باشە لە سێدارەمان نادەن چونکە ئێمە یاخی بووین بە قسەی خۆیان لە دژی یاسایین و هەر چی خراپە کردوومانە.

لە کۆبوونەوەیەک دا کە من تیایدا بەشدار نەبووم بەڵام برادەران باسیان لێوە کرد، باسی ئەنفالیان بۆ عەلی حەسەن مەجید کردبوو، ئەویش تووڕە ببوو گوتبووی من فەرمانم نەداوە بەڵکو فەرمانم جێبەجێ کردووە، لە کاتێکدا ناوبراو هەموو دەسەڵاتی مەجلیسی قیادەی سەرەوەی ئەو کاتی بە دەستەوە بوو، هەروەها زۆر بێ باکانە گوتبووی : ئێوە زیدەڕۆیی دەکەن لە باسکردنی 100هەزار کەس بن !.

ڕۆژی پاشتر چوومە کۆبوونەوە گوتم شتێکی وام بیستووە، تۆ دەڵێی 100هەزار، یا 50 هەزاری دیکەش خاتری تۆ بێت، کوا 50هەزارەکەی دیکە ؟ دڵنیا بن لەوەی تاوان بە ژمارە نیە بەڵکو بە نیەتە و ئەوەی نیەتی کوشتنی یەک کەسی هەبێت توانا و نیەتی کوشتنی هەزاران کەسی دیکەی هەیە. ئینجا ئەمە بوو بەشی ئێمە لە قۆناغی یەکەم و لەو هاوبەشیە و ئەمە ڕۆیشت.

لە قۆناغی دووەم و دوای 2003 وەکو خەڵکی کوردستان ڕۆڵی سەردەکیمان بینی لە زەمینەسازی بۆ ڕووخاندنی ڕژێم و لە دوای ڕووخاندنی ڕژێم بۆ بونیادنانی عێراقێکی تازەی دیموکراتی فیدراڵ، من و جەنابی مام جەلاڵ و هەموو برادەران لە سەرکردە سیاسیەکانی کوردستان چوینە بەغدا و بە مانگ لەوێ دەمایندە، پەرلەمانی کوردستان لەو سەردەمەدا بڕیاری دا بە شێوەیەکی ئاڕەزوومەندانە لەگەڵ عێراق دا بڕیت و بۆ نووسینەوەی دەستوور هەموو کەس دەزانێت شاندی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی لە نووسینەوەی ئەم دەستوورەدا بینی کە ئاڵێن ئمونەییە بەڵام بۆ ئەو سەردەمە دەستوورێکی زۆر باش بوو. بەڵام ئایا پابەندی پێوە کرا؟ بۆ زانیاری جەنابتان ئێمە لیژنەیەکی یاساییمان دامەزراند بۆ لێکۆڵینەوە لە ماددە دەستوورییەکانی پێشێل کراون تیایدا دەرکەوت 55ماددەی دەستووری پێشێل کراوە بێگومانم ئەگەر ئەو دەستوورە جێبەجێ دەبوو و 10ڕ 21 هەزار تۆپخانەی هەبوو و پێشمەرگە تەحەدای کرد. من لە بەغدا بە مالیکیم گوت، وام دەزانی چارەسەری کێشەکان بە تانک و تۆپ و فڕۆکە گۆڕاوە و ئێستا بە دیالۆگ و گفتوگۆ گرفتەکانمان چارەسەر دەکەین لەو کاتەوەش زەنگی مەترسی بۆ من لێی دا. دواتر شتی دیکەی بەسەر دا هات.

ڕێککەوتن و دانوستانی زۆر کرا بەڵام هیچیان پابەندی پێوە نەکرا، لە 2007لەسەر پرسی نەوت و غاز ڕێککەوتین بەڵام خۆیان پێیەوە پابەند نەبوون، تا گەیشتە ئەوەی نانی خەڵکی کوردستانیان بڕی. گرینگ لەو ناکۆکیەی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە خەتای هەولێرە و خەتای حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بڕینی نانی هەموو خەڵکی کوردستان تاوانێک نیە وەکو تاوانەکانی ئەنفال و کیمیا باران، کیمیاباران و ئەنفال لە چەند شوێنێک بوون و چەند شوێنێک تیایدا بەرەکەوتن بەڵام ئەم نان بڕینە مندااڵی شیر خۆڕیشی بەرکەوت، ئەمەش جۆرە ئەنفالێکە.

لەمەدا دەرکەوت پڕەنسیپی شەراکەت قبوڵ نیە و عێراقی تازە لەسەر بنەمای هاوبەشی و ڕێزی هاوبەش و نەرک و مافی هەر لایەک بە پێی دەستووری دیاریبێت هیچ بەهایەکی بۆ نەما، ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە و بە شێوەیەکی ئاڕەزوومەندانە چوینە بەغدا ئێگینا ئێمە لە شەڕێک دیل نەبووین کە دواتر خۆمان تەسلیمی بەغدا کردبێت و پێویستە ئەوان مەرجی خۆیان بەسەر ئێمەدا بسەپێنن.

من لە یادمە پێشی سێ چوار ساڵ دوو سێ جار ئامادەم بۆ کرد بەڵام ئەوان بە هەندیان وەرنەگرت، گوتم ئەگەر بارودۆخ بەو شێوەیە بڕوات ئێستر ئێمە ناچار دەبین کارداناوەیەکی وا نیشان بدەین کە لە خەیاڵی ئێوەش دا نەبێت، پرسەکەش کارداناوەی ڕەفتاری ئەو نیە بەڵکو ئەوە مافی خۆمانە.بەڵام ئێمە ئامادەبووین بە پێی دەستوور ماددەی 140و مەسەلەی پێشمەرگە کە هەموویان پێشێل کرد و سەرەڕای ئەوەی نانی هەرێمی کوردستانیان بڕی و هەڕەشەی نارەوا هێزیان کرد بۆ کەرکووک و شنگال گفتوگۆ بکەین، بارودۆخیش گەیشتە ڕادەی تەقینەوە.

من گوتم ئێمە ناتوانین بەرگەی ئەو بارودۆخە بگرین و ناچار دەبێ بڕیاری خۆمان بدەین و ئێمە لەسەر بنەمای هاوبەشی و تەوافوق هاتوونینەتە بەغدا، ئێمە نەهاتووین ئەوەی مەرجی ئێوە بێت بەسەرمانی بسەپێنن و ئێمە جێبەجێی بکەین. کاتێک ئەو پڕەنسیپە کەوتە هەڕەشە و تێکدرا من زانیم ئەو شەراکەتە کۆتایی هات. لە پەرلەمانیش ئێوە دەبێن چی ڕوودەدات و چی ڕوویدا، ئێمە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبووین ئەو شتانەی بە هەرێمی کوردستانەوە پەیوەستە پێویستە بۆچوونی هەرێمی کوردستانی لەسەر وەربگیرێت خۆ ئەگەر بکەوێتە دەنگدانی ژمارەیی و ڕێژەیی ئێمە هەمیشە دڵڕاوین و هەر چی بیانەوێ بە زۆرینە تێدەپەڕین و هەموو ئەو دەستکەوتانەی هەمانە لێمانی دەستێنن و ئەمەش قابیلی بەرگە گرتن نیە.

لەگەڵ لایەنەکانی دیکە زۆرجار باسمان کردووە، لە یادمە لە تەمموزی 2014بەر لەوەی بکەوینە بەر شەاڵوی هێرشی داعش من چوومە پەرلەمان و لەوێ گوتم پێویستە بەرەو ڕیفراندۆم بچین و داوای دروست کردنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بکەین و بڕیاری لەسەر درا، لەو قسانەش دا دەرکەوت ئەم بڕیارە هی هەموو گەلی کوردستانە نە هی یەک کەسە و نە هی یەک حزب و دوو و سێ حزب، ئەمە بڕیاری گەلی کوردستانە و بڕیارێکی پیرۆز و یاساییە و گەهر بەتەمای ئەوە بین سبەی هەر دەوڵەتێک لەو دەوڵەتانەی دۆستی ئێمەن و یارمەتیان داوین و سوپاسیان دەکەین بێن و بڵێین فەرموون ئەمە سەربەخۆیی وەکو دیاریە بۆ ئێوە بە خوا تا ماوین ئەوە نابینین و ئەوش مومکین نیە.

ئێمە داوای شتێکی ئاسایی و یاسایی دەکەین، داوای مافی خۆمان دەکەین، ئەو مافەی خوا بە مرۆڤی داوە کاتێک خەڵقی کردووە مافی ژیان و ئازادی پێ داوە، مافی ژەوت دەکرێت بەڵام نادرێت بەڵکو خوای گەورە مافی ئێمەی داوە، من نااڵیم مافی ئێمە بدەن چونکە خوا بە ئێمەی داوە ئەوان مافی ئێمەیان ژەوت کردووە دەبێ دەستی لێ هەڵبگرن.

عێراقی تازە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دروست بوو، بەڵام ئێمە دوو نەتەوەی جیاوازین دوو جۆگرافیای جیاوازیشین وویستمان بە هاوبەشی و بە شێوەیەکی ئاڕەزوومەندانە پێکەوە بژین ئەوان تێکیان دا و هاوبەشیان نەویست کەواتە شتێکی زۆر ئاساییە بڵێین مادام ئێوە هاوبەشی ئێمەتان قبوڵ نەکرد کاکە زۆر ئاساییە فەرموون با ببینە دراوسێی باشی یەکتر. کاتێک پار چوومە بەغدا لەگەڵ شاندێکی بەرزی حزبە کوردستانییەکان بە ڕاشکاوی پێم گوتن با جورئەتی ئەوەمان هەبێت ئێمە و ئێوەش و دان بەوەدا بنێین کە ئێمە شکستمان لە هاوبەشی هێنا و نەمانتوانی دروستی بکەین با خەتاکەش دابەش بکەین نیوەی بەر ئێمە بکەوێت و نیوەکەی دیکەش بەر ئێوە خۆ ئاڵێین هەمووی خەتای ئێوەیە بەڵام ئایا بەرژەوەندی لەوەدایە هەمان ئەزموونی شکست خواردووی سەد ساڵ لەمەوبەر دووبارە بکەینەوە؟ ئایا لە بەرژەوەندمان دایە لە گێژاو و دڵەڕاوکێ دا بژین و نەزانین کەی تووشی شەڕ دەبینەوە، کەی پەلامارەی من دەدەیت و کەی من پەلامارەی تۆ دەدەم؟ بەم ژیانە نە عێراق سەقامگیر دەبێت و نە ئێمەش.وەرن با بیر لەوە بکەینەوە دوور لە شەڕ و توند و تیژی ببینە دراوسێی باش خوا شاهیدە هەموو مەبەستی من ئەوەیە ڕێگە لە شتی خراپتر بگرین.

**جەنابی مامۆستایانی بەڕێز..**

ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە بڕوات ترسی زۆرم هەیە تووشی گرفتی گەورەتر ببین، سوێند بە خوا ئەمانیبا ئەو بارودۆخەی ئێستا بە شێوەیەکی وا تیدەپەڕێت کە کەس پەلامارمان نادات ڕەنگە بمانگوتبا ئەوەی داهاتوو ئەو ئامانجە جێبەجێ بکەم، بەڵام چۆن ئێستا لە خزمەتی ئێوە دام و دەتانبینم، ئاوا لەبەرچاوم ڕوونە و دڵنیام قەد بڕێمەر لە دژی فیدراڵیزم نەبوو لەو کاتەی کە هاتە عێراق، بەڵام مەجبوور بوو مامەڵەی لەگەڵ دا بکات، دواتر میللەتێک دەبێ بڕیاری خۆی بدات، من دەزانم گرفت زۆرن تەحەدا زۆرن و بڕێوی خەڵک ناخۆشە و گرفتمان زۆرن، بەڵام ئەمانە هیچیان نابێ ببێتە کۆسپ و بەهانە لەبەردەم ئەو هەنگاوە پیرۆزە، بە قەناعەتی منیش بە ڕیفراندۆم زۆر گرفتی خۆمان چارەسەر دەکەین، بۆ زانیاری جەنابتان، ڕاستە فیدراڵیمان هەیە بەڵام ملی ئێمە لەدەستی بەغدایە. ئاسمان بەدەستی بەغدایە سنووری ئێمە لە دەستی ئەوانە، ئابووری ئێمە لە دەستی ئەوانە، کە هەندێک شت کراوە ئەوە بەهۆی بارودۆخێکی تایبەتمەند بووە لە کوردستان وتوانیومانە شتێک بکەین و بارودۆخەکە ڕابپەڕێنین و ئیدارە بکەین، ئەگینا ئەوان لە زۆر شت دەتوانن تەحەکوم بە چارەنووسی ئێمە بکەن.

ڕاستە مەسەلەکە موجازەفەی زۆری تیدایە وناتوانم بڵێم ئاسانە بەڵام چاوەڕوانی و هیچ نەکردن زۆر زۆر مەترسیدارترە لەوەی موجازەفە بکەی و ئەم بڕیارە بدەیت.

لەبەر ئەوە من داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەم ڕۆڵی سەرەکی ببینن بەوەی ڕاستیەکان بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بکەنەوە و هۆشیاریان بکەن و تێیان بگەیەنن، بۆ بارودۆخی ناوخۆشمان هەموو هەوڵێکمان داوە بەکڕیزی و تەبایی لە ناو خۆمان دا هەبێ و ئەو گرفت و مەرجانەی پێشتر هەمانبووە هەوڵمان داوە هەڵیان بگرین و ئێستر نومێدەوارین لەگەڵ لایەنەکانی دیکە هەموومان بە یەکەوە خەریکی ئەم پرسە بین چونکە ئەمە ئەرکی هەموو لایەکە و چارەنووسی هەموو لایەکی پێوە بەستراوە مەعقوولیش نیە لەبەر گرفت و ناکۆکیەکی حزبی شتێکی وا گەورە بێتە پێش و کۆسپی بۆ دروست بکەم لەبەر ئەوەی ناکۆکی هەیە، با ئەو ناکۆکیانە لە جێی خۆیان بن و چارەسەریش دەکرێن بەڵام با ئەو دەرفەتە لە دەستی خەڵکی کوردستان نەچێت چونکە خوا دەزانێت ئایا جارێکی دیکە ئەو دەرفەتە دێتەوە یان نا.

لە ڕاستیدا ئەوانەی خانەوادەی شەهیدن و ئەنفالیان بینیوە و زەحمەتیان کێشاوە و ژێر دەستیان دیوە دەزانن قەدری ئازادی چەندە، ئەوانەی نەیان دیوە ڕەنگە زۆر باش نەتوانن تەقدیری ئەوە بکەن، من خۆشبینم بەڵام ئەوە نیە بڵێم هیچ مەترسی نیە بەڵام جزیری گەورە شیعرێکی هەیە لە کۆتاییەکەی دا دەڵێ:

**مەئسەرێ دا نیە ڕێ، و پ خوێ پەستیە پشت**

ئیدی بە پشت بەستن بە خوا دەبێ مل بدەینە بەر و پەنا بە خوا سەرکەوتن بەدەست دێت، زۆر شت بە هەمان ڕێگە تێپەڕی و فیدراڵیش هەمان قەدرەبەاڵغی بۆ دروست بوو لەولا هەڕەشەیان دەکرد و لەوێ هەندێک دەیانگوت نابێت و ئاخیریش بووە ئەمری واقیع، لەوەش دا ئەگەر ئیرادەیەکی بەهێز هەبێت ئەمەش دەبێت، و بێگومان شت بە ئیرادە دێتە دی و ئێستا زەمانی حەفتاکان و هەشتاکان نیە بە چەکی کیمیایی وەاڵمان بدەنەوە و ئەم میللەتە کیمیاباران بکەن وئەنفالمان بکەن دونیا گوێراوە و بەرژەوەندیەکی زۆر تێکەاڵو بووە و زۆر شت بەیەک بەستراوە، دەڵێن لە برسان دەمرین دڵنیا بن لەوەی میللەت قەت لە برسان نەمردووە و هیچ کاتێکیش کورد بۆ نان شۆڕشی نەکردووە چونکە خوا ئەوەندە نیعمەتی پێ داوە توانیویەتی خۆی بژێنێت تەنانەت لە سەردەمی پێشووش دا. شۆڕشەکانی ئەم میللەتە بۆ ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی بووە بۆ نان نەبووە، من هەر ئەوانەم هەبوو لە خزمەتی ئێوەی بەڕێزدا عەرزی بکەن و جارێکی دیکەش دەڵێم ئومێدمان زۆرە بە ئێوەی بەڕێز و چاومان لە هیممەتی ئێوەیە و پەنا بەخوا خوای گەورە یارمەتیدەری هەموولایەک دەبێت و زۆر سوپاس.